# ڕازێك لە زاری درەختێکەوە

وام پێ باش بوو بەدەم ڕێگەوە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە بگرم. لە ماڵ چومە دەرو بە قادرمەکاندا چوومە خوار، بە ڕیتمێکی لەسەرخۆ ڕێگام ئەبڕی. ژمارەکەم لێدا....، هەڵە نەبوو، هەر ئەو ژمارەیەم لێدا کە شەوێك پێشتر لە هاوڕێکەمم وەرگرت. نا، هەڵە نەبوو، بەڵام پێ ئەچوو شەبەکە تەواو نەبوو بێت، یان ئەویش لە هەمان کاتدا سەرقاڵی پەیوەندییەکی تر بووبێت لەگەڵ کەسێکی تردا، لەبەرئەوە وام پێ باش بوو کەمێك چاوەڕێ بکەم و پاشان بۆ جاری دووەم هەوڵ بدەمەوە، بۆیە بڕیارمدا بچمە باخی گەڕەك کە کەوتبووە کۆڵانەکەی تەنیشتمان،"بە ڕێیەکی بێدەنگدا ئەچوویتە ئەو کۆڵانەو باخەکەش کەوتبووە ئەوبەری کۆڵانەکە". لەسەر کورسییەکی تایبەت بە باخەکە دانیشتم. لای چەپمەوە یەك دوو منداڵ لە بەشی تایبەتی خۆیاندا سەرگەرمی یاری کردن بوون، سەگێکیش لە لای ڕاستمەوە لەژێر فەرمانی خاوەنەکەیدا ڕاکە ڕاکی بوو، لەوە ئەچوو چالاکی و توانایی خۆی بە خاوەنەکەی پیشان بدات. لەناکاو، سەرنجم چووە سەر درەختە بەرزو بەتەمەنەکانی ناو باخچەکە کە لە چیمەنە سەوزو شێدارەکەوە بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون.
"چ دیمەنێکی جوانیان هەیە! ئەو درەختە پیرو بەتەمەنانە لەگەڵ ئەو درەخت و گەڵا تازەپێگەشتووانەی بوونەتە پەرژینی باخچەکەو ئەو چیمەنە سەوزو ئاڵ و شێدارە پێکەوە چ هەوایەکی سازگار ئەبەخشن!".
لەناکاو، دەنگێکم بیست، بە چرپەیەك ئەچوو، دڵنیام کەسێك لەدەورم نەبوو، پاشان دەنگەکەش لە دەنگی مرۆڤی ئاسایی نەدەچوو. بە خۆم نەبوو، سەرنجم چووە سەر ئەو درەختەی بەردەمم وەك ئەوەی بمەوێت ئاراستەی دەنگەکە دیاری بکەم. بەڵام تەواو بوو، ئەو دەنگە لە خۆیەوە بوو، لە درەختەکەوە بوو. سەیرە!! تۆ بڵێی من گوێم زرنگابێتەوە یاخود ئاراستەی هەڵەی من بوو بۆ درەختەکە، ئاخر درەخت کوا قسە ئەکات؟!.
پاشان درەختەکە ووتی.. نەخێر، ئەوە زرنگانەوەیەك نەبوو لە گوێی تۆداو ئاراستەکەشت هەڵە نەبوو. من لە دوورەوە بانگم ئەکردی، تۆ بەنیاز بوویت ڕاستەڕێ بگریت و بەرەوخوار بڕۆیت، بە نیازیش نەبوویت ئەمڕۆ بێیتە ئێرە، دیارە ئەوەش هەر بە گوێ زرنگانەوە تێگەشتووی؟ ئەی کڵۆڵ...
پاشان ووتی..ئاخر مرۆڤەکان وا ئەکەن درەختەکان بکەونە قسە، ئا...ئا مرۆڤەکان وا ئەکەن (هەستم کرد ووردە ووردە تووڕە بوون لە دەنگیدا بەدیار ئەکەوێت)، مرۆڤە گەلۆرەکان، دڕدۆنگەکان، ڕاستتر وایە بڵێم ئێوەی مرۆڤی لەپاش جێماو وا ئەکەن درەختەکان بکەونە قسە، درەختەکان تووڕە بن، وویستم بپرسم، باشە چی بووە؟ مرۆڤ چی کردووە بەرامبەرتان؟ بەڵام وەك ئەوەی پێشبینی پرسیارەکەمی کرد بێت و زووتر کەوتەوە قسە کردن لەوەی بوار بەمن بدا تا ئەو دێڕەی تیا بڵێم...
ووتی..قەهری ئێمە بەرامبەر ئێوە جگە لە ناڕاسگۆیی و ناپاکی و نادروستیی لەناو خۆتاندا، دابڕان و دواکەوتنی ئێوەیە لە ئێمە، تووڕە بوونی من تەنها لەسەر تۆ نیە(ووردە ووردە هاتەوە سەرخۆ)، بەڵکو تووڕە بوونی من تووڕە بوونی هەموو درەختەکانی ئەم سەرزەمینەیە لە ئێوەی مرۆڤ.

پاش کەمێك وەستان، ووتی..ئەتوانی پێم بڵێی ئێوە لەسەر چ سیستمێك، حیکمەتێك یان ئەفسانەیەك ژیانتان پێکهێناوەو بەڕێوەی ئەبن؟ ئەتوانی باسێکم بۆ بکەی ئێوە چین و کێن و لە کوێوە هاتوون؟
ووتم..ئەوەندەی من بزانم و بیستبێتم، ئێمە سەر بە ئەفسانەیەکین کە ئادەم و حەوا ڕۆڵێکی گرنگ ئەبینن تێیداو ڕۆڵەکانی ئەم سەرزەمینەش نەوەی ئەوانن و سەربەوانن.

ووتی..کەواتە ئێوە هەمووتان کوڕو کچی ئادەم و حەوان؟
ووتم..بەپێی ئەفسانەکە ڕاستە.
ووتی..کەواتە ئێوە هەمووتان خوشك و بران؟
ووتم..بەپێی ئەفسانەکە، ئەمەش ڕاستە.
ووتی..کەواتە ئێوە هەمووتان زۆڵ و ناپاك و داوێن پیسن؟
ووتم..بەپێی ئەفسانەکە، ئەمەشیان ڕاستە بەڵام،....
قسەکەی پێ بڕیم و ووتی، بەڵام هیچ، ئەتەوێ شەرعیەت بدەی بە زۆڵی و ناپاکی و داوێن پیسییەکانتان، ئەزانم ئەتەوێ ئەوە بکەیت. ئەوە ئێوەن، هەرکات درۆتان کرد شەرعیەت ئەدەن بەدرۆکانتان. ئێوە وەك دوا گەشەی زیندەوەرەکان و زیندەوەری عاقڵ، هاتن و زەمینتان شێواند، سروشتی ژیانتان شێواند، سروشتی پەیوەندییەکانتان شێواند. ئێوە هاتن و زەمینتان پارچە پارچە کردو هەر کۆمەڵێکتان و پارچەیەکتان برد بۆ خۆتان و ناوتان لێ نا نیشتیمان، ئێوە هاتن و ماناتان بەخشیە هەموو ئەو بووانەی دەوروبەرتان، نەك وەك سروشتی بووەکان خۆیان کە چین، بەڵکو لێکدانەوەی ئێوەیە لە پەیوەندیتاندا پێیانەوە.

پاش بێدەنگییەکی کورت بەردەوام بوو ووتی..ئێمە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ خودادا ئەو پەیمانەمان بەست، کە ئێمە بتانگەیەنینە جوانی و خۆشەویستییە ئەزەلییەکان. ئاخر یەك جوانی ئەزەلی هەیە، کەچی چەندەها جوانۆچکەتان دروست کرد، یەك خۆشەویستی ئەزەلی هەیە، کەچی چەندەها خۆشەویستۆچکەتان دروست کرد، خودایەکی ئەزەلی هەیە، کەچی ئێوە ژمارەیەك خودای گچکەتان دروست کرد. هەر ئێوەشن ناشرینیتان دژ بە جوانی ناساند، ڕقتان لە خۆشەویستیدا دروست کرد، ئەهریمەنتان کرد بە گژ خودادا. ئێمەش ساڵە هایە... لەدوور هاوارتان لێ ئەکەین...(لەڕێ لاتانداوە گەلێ بەهەڵەدا چوون گەلێ دوواکەوتون)، بەڵام ئێوە بێباك تەنها بە گوێ زرنگانەوە تێدەگەن.
ئێوە زۆر جار گوێتان ئەزرنگێتەوە، بەڵام ئەوە تەنها هاوارو ناڵەی ئێمەیە، ئاخر ئێمە لە مێژە هاوارتان لێ ئەکەین...(لەو ڕێیە لاتانداوە کە ئەتانگەیەنێتە نەمری، ئەو ئاراستەیەی ئێستاتان بەرەو نادیارتان ئەبات، گەلێ دوواکەوتون و گەلێ زیاتر دووائەکەون، بۆ کوێ ڕێ ئەکەن؟)، ئێوەش تەنها بێباك ملی ڕێی هەڵەتان گرتووەو پشت لە ئێمە ڕێ ئەکەن.
ئەزانم، سەرسامی بەوەی کە چۆن بەزمانی ئێوە ئەدوێم! ئێمە لە هەموو زمانێك تێدەگەین و بە زمانی خۆشتان هاوارتان لێ ئەکەین. ئەوە ئێوە خۆتانن لە یەکتر تێناگەن، ئێوە پاش ئەوەی زەویتان پارچە پارچە کردو کۆمەڵتان تیا دروست کرد، زمانیشتان تایبەت بە خۆتان دروست کرد. بەڵام پاش ئەوە، خواست و وویستی هەر کۆمەڵێك، داگیر کردن و لەناوبردنی خاك و کۆمەڵێکی تر بوو!.
ئای...ئێوە چ بونەوەرێکن؟! تەنها لەبەرئەوەی ئەتوانن بیر بکەنەوە بە خۆتان ئەڵێن بونەوەری عاقڵ؟ بەڵام کام بیرکردنەوە، ئێوە بیر لە چی ئەکەنەوە؟،
ئێوە گەر بیربکەنەوە، بۆ ئەوەیە شەرعییەت بدەن بە درۆکانتان، نەك بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکان و گەیاندنی ڕاستییەکان، ئێوە لە بەرامبەر ئەو پەیوەندییەی ناتانەوێ، دنیایەك لە ڕق پیرۆز ئەکەن، کەچی هەگبەیەك لە خۆشەویستی لەبەر پێی سۆزانییەکدا فڕێ ئەدەن تەنها بۆ ساتێك جووتبوون لەگەڵتاندا. ئای..ئێوە چ بونەوەرێکن! پێم ناڵێی ئێوە بیر لە چی ئەکەنەوە؟ ئێوە هەمان پرۆسەی زیندەوەرە ناعاقڵەکانی تر دووبارە ئەکەنەوە، بەڵام لەسەر بنەمای بیرکردنەوە.
ئای...کلۆڵینە، بۆ لەمەولا پێویستە شەرعیەتی زیاتر بدەن بە درۆکانتان تا لەگەڵ درۆ گەورەکانتانا جیاوازتر بنوێنن، ڕق پیرۆزتر بکەن و خۆشەویستیش هەر بەدزییەوە بکەن. چونکە ئێوە ئێستا لە لێواری ئەو ژیانە هەمیشەییەدا ژیان دەگوزەرێنن کە بیرکردنەوەکان تێیدا نەمرە. ئەوە پەیمانی ئێمە

بوو لەگەڵ خودادا، کە لە ڕێگەی ئێمەوە بتوانن بگەنە خوداو نەمری. ئاخر ئێمە بووین سەرچاوەی بیرکردنەوەکانی ئێوە...
لە بەهاری ئێمەوە فێری مانای ژیانەوە بوون و پەیتان بە تۆنە جیاوازەکانی ڕەنگی سەوز برد، هەر لە پایزی ئێمەوە فێری تێکەڵکردنی ڕەنگەکان و تابلۆ کێشان و هۆنراوە نوسین بوون، هاوین و زستانی ئێمە بوو **ڤیڤاڵدی** خستە سەر کەڵکەڵەی نوسینی موسیك، هەر ئێمەش یاسای کێشی زەمینمان بە **نیوتن** و دواجار بە ئێوەش ناساند.
پێم ناڵێی ئێوە بەرەو کوێ ڕێدەبرن...؟!
پاشان ئێمە پەیوەندییەکی ئەزەلیمان لەگەڵ ئێوەدا دروستکردووە، کە نەتوانن بۆ هەمیشە دووربکەونەوە لێمان، بەڵام ئێوەی لە پاش جێماو بەردەوام پشت لە ئێمە ڕی ئەکەن. تێناگەم! ئاخر ئێوە بەهەناسەی ئێمە ئەژین. ئێمە ئەو هەناسە پیسانەی ئێوە وەرئەگرین و لە هەناوی خۆماندا پاکی ئەکەینەوەو سەرلەنوێ هەناسەی پاکتان پێ ئەبەخشین تا ئاسودە بن. ئەوە ئێمەین هەناسە پیسەکانی ئەم زەمینەتان بۆ خاوێن ئەکەینەوە، هەتا لە ئێمەشەوە نزیکتر بن(بۆ نمونە کاتێك بۆ تاوێك لە باخێکدا پشوو ئەدەن) زیاتر هەست بە ئاسودەیی ئەکەن، چونکە ئەو کات ڕاستەوخۆ هەناسەکان ئاڵوگۆڕ ئەکەین و نزیك ئەبنەوە لەو ژیانەی بیرکردنەوەکان تێیدا نەمرە، بەڵام گوزەرانی لە مێژینەی ئێوە لە لێوەرەکانی ئەو ژیانەدا، تەنها ئەوەندەیە بێدەنگ و سەرسام ئەڕواننە چواردەورتان.

تا ئەو کات، من سەرسام و بێدەنگ گوێم گرتبوو. پاش کەمێك بێدەنگی و پێش ئەوەی بوار بەمن بدا تێهەڵچۆوەو ووتی..تەماشاکە، لەهەر ووڵاتێکی ئەم سەرزەمینەدا، ئێمە یەك ئاراستەی کارکردنمان هەیە، ئەویش ئاسودە کردنی ئێوەیە. بەیەك نەفەس هاوارتان لێ ئەکەین، ئاخر ئەوە ئەرکی ئێمەیە لەسەر ئەو ڕێیە بن کە ئەتانگەیەنێت بە خوداو نەمری، ئەوەش ئەو پەیمانە سەرەتاییەی ئێمە بوو لەگەڵ خوادا. تێناگەم!(وردە وردە توڕە ئەبوو) لەو تەمەنە کورتەی ژیانتانا چۆن فریای ئەو هەموو نارەوایەتییە ئەکەون؟! چونکە نارەواییەتییەکانتان تەمەنێکی درێژتر ئەخوازێ، ئاخر ئێوە تەمەنێکی زۆر کورت ئەژین، بەپێی زەمەنی ئێمە، ئێوە ئێجگار کورت ئەژین. زەمەنی ئێمەو ئێوە گەلێك جیاوازە، لە شەوو ڕۆژێکی زەمەنی ئێمەدا، چەندەها مانگ و ساڵ بەزەمەنی ئێوەی تێدا جێدەبێتەوە، کەچی ئاوهاش، ئێوە بوون بە هۆی شێواندنی سروشتی ژیان، ئاووهەواو وەرزەکان. هەر ئێوەش ئەبنە هۆی شکانی ئەو پەیمانەی ئێمە لەگەڵ خواوەندا لە جێ بە جێ نەکردنی ئەرکەکەماندا. ئای...ئێوە چ بونەوەرێکن!(هێواش هێواش ئەهاتەوە سەرخۆ) ئێمە لە مێژە هاوارتان لێ ئەکەین...لەو ڕێیە لاتانداوە کە ئەتانگەیەنێت بە نەمری، ئەو ئاراستەیەی ئێستا لەسەری ڕێ ئەکەن تەواو پێچەوانەیە، ئێوەش بێباك و دڕدۆنگ ملی ڕێتان گرتووەو پشت لە ئێمە دەڕۆن.

پاش بێدەنگییەکی کورت، تورە بونەکەی ڕەویەوەو بە ئارامی و بە تۆنێکی نەرم و جیاوازتر کەوتەوە قسە کردن و ووتی..ئێمە بەردەوام هەوڵ ئەدەین ڕێگەیەك بۆ ڕزگاربوونتان بدۆزینەوە، بەڵام تاکە هیوایەکیش بۆ ڕزگاربوونتان ئەوەیە کە خۆتان فێری موسیك بکەن، چونکە تازە ئێوە بۆ هەمیشە پشت لە ئێمە ڕ ێ ئەکەن و هاواروناڵەی ئێمەش تەنها وەك گوێ زرنگانەوەیەك دەگاتە ئێوەو هیچی تر، لەبەرئەوە باشترین ڕێگە موسیکە بۆ ئاشتبونەوەمان و هاتنەوەتان بۆ سەر ئەو ڕێگە ڕاستەقینەیەی ئێمە لە مێژە خوازیارین. ئاخر هەر ئێمە بووین پشت و پەنای **مۆزارت**، **بیتهۆڤن** بۆ تاوێك غافڵ نەبوو لێمان، هەرچەندە **باخ** لە ئامێزی ئێمەدا گەورە بوو، بەڵام ئەو جیاوازتر، جگە لەو پەیوەندییەی ئێمە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی لەگەڵ خواوەندا هەبوو.

له ناکاو، سەری بەرزکردەوەو بە خرۆشێکی زۆرەوە ووتی..ئەمە دوافرسەتی ڕزگاربونتانە، موسیك له هەموو بنجێکی ئەم زەمینەدا هەیە، گەلۆر مەبن و خۆتان فێربکەن، ئەمە دوافرسەتە، خۆتان فێری موسیك بکەن، دڵنیا بن ڕزگارتان ئەبێت، تەنها ئەوەندەیە بۆ تاوێك بە دروستی بیربکەنەوەو خۆتان فێری موسیك بکەن. پاشان هاتەوە سەرخۆو لێی پرسیم بۆچی سەرت داخستووە؟
بە نائومێدییەکەوە سەرم هەڵبڕی و ووتم..بەڵام ئێمە لە مێژە موسیك فێربووین.

ئەم جارە بە تورەبوونەوە ووتی..ئەمە چ درۆیەکی شاخدارە، ئێوە پێویستە سەرەتا تەنها هەوڵبدەن فێربن گوێ لە موسیك بگرن، ئاخر بوونی موسیك ڕاستییەکی پەتییە لە دەرەوەی ئیرادەی ئێوەوەیە، تەنها و تەنها ئەتوانن هەوڵبدەن و فێری بن، کە لە پاشدا ئەکەونە سەر ئەو ڕێیە ڕاستەقینەیەی کە ئاراستەکەی بەرەو ژیانێکی جیاوازترە لەو ژیانەی ئێستا بەڕێوەی ئەبەن و گوزەرانی تیا ئەکەن. موسیك ئەو درۆیە نیە ئێوە بتوانن خولقێنەری بن و وەك هەموو درۆکانیترتان شەرعیەت بدەن بە بوونی، ئاخر کامەتا موسیك لەو پارچە بچوکەی وولاتی ئێوەدا، خۆتان مەخەنە نێو هەڵەیەکی گەورەترەوەو ڕزگاربوونتان بۆ هەمیشە مەحاڵ بێت. ئێمەو موسیك نزیکایەتییەکی ئێجگار زۆرمان هەیە، ناکرێ فێری موسیك بووبێتن و ئێمە ئاگادار نەبووبین، گەلێك بەڵەدا چوون. ئێوە، پێویستە لەسەرەتادا تەنها گوێ لەموسیك بگرن، چەند نەوەیەك تێپەڕێت وئێوە هەر گوێ لە موسیك بگرن، ئاخر ناکرێ فێری موسیك ببن بەرلەوەی بەباشی گوێتان لە موسیك نەگرتبێت، ناتوانن فێری موسیك ببن گەر نەبووبێتە بەشێك لە ژیانتان، پێویستە بتوانن لەهەر بنجێکی ئەم زەمینەدا موسیك ببیستن، لە هەموو دارستانێکدا موسیك ببیستن.
پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە تونێکی تکاکارانە بەردەوام بوو ووتی..بکەونە خۆتان، ئێوە جارێ پێویستە هەوڵبدەن خۆتان فێری گوێگرتن بکەن لە موسیك، تەنها گوێ لەموسیك بگرن، ئەمە دوا فرسەتی ڕزگاربوونتانە، دڵنیاتان ئەکەم ڕزگارتان ئەبێت، گرنگ نیە ئێستا ئێوە لە لێواری ژیانە هەمیشەییەکەدا گوزەران ئەکەن، موسیك لە هەموو جێگایەکدا هەیە، تەنها موسیکە لەو لێوارەوە بتانهێنێتەوە سەر ڕێگا ڕاستەقینەکە، تەنها موسیکە، هەرچی زووترە هەوڵبدەن خۆتان فێر بکەن، خۆتان ڕابهێنن بەردەوام گوێ لە موسیك بگرن، ئەمە دوا فرسەتی ڕزگاربوونتانە، بەڵام پەلە مەکەن و ماندوو مەبن لە گوێگرتن، چونکە پێویستە کات بڕوات و ئێوە هەر گوێ لە موسیك بگرن، چەند نەوەیەك تێپەڕێت و ئێوە هەر گوێبگرن، دڵنیا بن دوا فرسەتی ڕزگاربوونتانە. ئەو بیرە فڕێدەن کە ئەڵێن "ئێمە لە مێژە موسیك فێربووین"، بیرێکی هەڵەیەو لە ڕێیەکی هەڵەدان، گەلێ دواکەوتوون، ناتوانن فێری موسیك ببن گەر بەباشی گوێتان لە موسیك نەگرتبێت، گەر موسیك نەبووبێتە بەشێك لە ژیانتان، ئاخر ئێوە پێویستە جارێ تەنها خۆتان فێری گوێگرتن بکەن لە موسیك، ئەگەر نا ئەکەونە هەڵەیەکی گەورەترەوە کە بۆ هەمیشە لەو لێوارەدا ئەمێننەوەو گوزەران ئەکەن و ڕزگاربوونیشتان مەحاڵ ئەبێت. موسیك، لەسەر ترۆپکی شەپۆلەکانی دەریا سەما ئەکات و ڕۆئەچێ بە نێو ڕەختەکانی زەویدا. ئاااای....ئەمە دوا فرسەتی ڕزگاربونتانە، بکەونە خۆتان و هەوڵبدەن خۆتان ڕابهێنن لە گوێگرتنی موسیك، کە لە پاشان ئەتوانن هەوڵبدەن و فێری بن. هەوڵبدەن و ماندوو مەبن تەنها گوێبگرن، لێگەڕێن ڕۆژو مانگ و ساڵ تێپەڕێ و ئێوە تەنها گوێ لە موسیك بگرن، نەوەتان دوای نەوەتان فێری گوێگرتن بکەن لە موسیك، ئاخر پێویستە کات تێپەڕێ و چەند نەوەیەك تێپەڕێ و ئێوە هەر گوێبگرن، ئەمە دوا فرسەتی ڕزگاربوونتانە، دڵنیام تازە ئێوە بۆ هەمیشە پشت لە ئێمە ڕێ ئەکەن، پەلە مەکەن، ماندوو مەبن، تەنها گوێ لە موسیك بگرن...موسیك، ئەگەر نەبێتە بەشێك لە ژیانتان مەحاڵە فێربوونتان، مەحاڵە ڕزگاربوونتان، ئەمە دوا فرسەتی ڕزگاربوونتانە. هیواکان لەم ژیانەتاندا باڵا ناکات، خۆشەویستییەکان کورت و کەم

خایەن و دەنگتان بە خودا ناگات. لەم لێوارەدا، ئێوە تەنها ئەو خودا بچوکانەی خۆتان دروستتان کردووە دەناسن کە ڕۆژانە سوێندی پێدەخۆن تا ئەوی دیتان بڕوا بە درۆکانتان بکات. لەم ژیانەی ئێستاتاندا، گەر سەرقاڵی خۆشەویستییەك بوون ئەوا ژمارەی درۆکانتان باڵا ترە. بکەونە خۆتان، گەلێ دواکەوتوون، هەوڵبدەن خۆتان فێری گوێگرتن بکەن لە موسیك، تەنها گوێگرتن لە موسیك، پێویستە کات تێپەڕێ و ئێوە تەنها گوێبگرن لە موسیك، تەنها موسیك، ماندوو مەبن، هەوڵبدەن خۆتان ڕابهێنن گوێبگرن لە موسیك، موسیك....موسی......ك.....(وورده وورده دەنگەکە دوور ئەکەوتەوە تا ئەوەی بووە زرنگانەوەیەك لە گوێمدا). منیش سەرسام و بێدەنگ، پاش تەواو خامۆش بوونی دەنگەکە سەرم هەڵبڕی و ڕووانیمە چواردەورم، مناڵان لە هەڵاو زەنای یاریکردنی خۆیان ماندوو نەببوون و سەگەکەش هەر ڕاکە ڕاکی بوو لە جێ بە جێ کردنی فەرمانی خاوەنەکەیدا و منیش بۆ جاری دووەم هەوڵمدا پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە وەربگرم.

فەرهاد سالح
لەندەن/ ئابی ٢٠٠٩